www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:45 2-7-2006

## ئەو کاتەی مەعشووق لەدۆزەخێکی هەمیشەییدا فەرامۆشدەکری!! ... هەستیارغەمگین



(من گەردنی ساف و بێگەردم کردە هەلاڵەیەک و چاوەڕێی نەسیمی پەنجەکانت بوو بیلاوێنێتەوە، کەتۆی خیانەتکار وەک جەللادێک پەنجە کانت کردە چەقۆو گەدنی گوڵی هیواو ئاواتمت پێبڕی.. !)
ئەم چەند کۆپلە شیعرە شمولی ئەو هاوڕێ کچەم دەکات کەلەلایەن کەکەسێک بەناوی خۆشەویستی یەوە لێی نیزیک بۆتەوەودواتر ویستوو یەتی بۆهەمیشە سوکی بکات و دۆزەخێکی هەمیشەیی بۆداگیر سێنی. !
ئەو بەم جۆرە باسی لەدروست بوونی ئەو خۆشەویستی یەکرد کەلەگەڵ ئەو کوڕەدا بەستبوویان:بەڵام ووتی بەمەرجێک کەنابی بەهیچ شێوەیەک ناوم بێنی چونکە خراپ لەسەرم دەکەوێت. بەڵام من بەڵێنم پێدا کەبەهیچ جۆرێک خیانەت ناکەم لە بەڵێنی خۆم. چونکە من ڕۆژنامەنوسم و ئەرکی من ئەوەیە پابەندی مەرجە یاساییەکان بم. ووتی سەرەتا ئەوکوڕە چەند جارێک هاتە سەر ڕێگام و بەکۆمەڵێک گوتەی ڕۆمانسی یەوە ئەکەوتە شوێنم و بەقوربانی ئەو خاکەش دەبوو کەبەسەریدا دەڕۆیشتم. لەدەوری ئەو هەوایەش دەگەڕا کەهەڵم دەمژی. چەند ڕۆژێک ئەم سیناریۆیەی دووبارە کردەوە منیش وام زانی کەپاڵەوانی خەونەکانمە و ڕاستگۆیە لەگەڵمدا. بۆیە ڕەزامەندی خۆم نیشاندا. سەرەتا زۆر باش بوو لەگەڵمدا تاکو متمانەی تەواوم پێکرد. داوای فۆتۆیەکی لێکردم بۆئەوەی هەمیشە منی لەبەر چاوبێت، منیش ڕازی بووم بەپێشنیارەکەی. ئیتر ئەو وێنەیە
سەرلەبەری ژیانی منی کردە دۆزەخ!ماویەکی تر دوای ئەو وێنە یەش هەرباش بوو لەگەڵم. بەتایبەتی لەو کاتانەدا کەتەلەفۆنی دەکرد، یەک سەعات بەقوربان و بەساقەم دەبوو. بی ئەوەی من هیچ چەشنە ووشەیەکی وام پێنەدە ووت. تاکو ڕۆژێک زۆربێئەدەبانە ووتی کاتی هاتووە بڕۆین. ووتم بۆکوێ؟! ووتی بۆئەزمڕ، کەناوێکی دزێویان پێدەوت. من کەئەو ووشەیەم لەدەمی بیست یەکسەر ڕەتم کردەوە، بەڵام ئەو زۆربێ ئەدەبانە پێداگری دەکرد دەیوت:چیە تۆزێ ڕادەبوێرین بۆخۆمان. !!من کەوتمە
جوێن و قسەی ناشیرین پێی زۆر هێرشم کردەسەر. بەڵام ئەو وتی ئەگەر نەیەی لەگەڵمدا ئەوا وێنەکەت نیشانی خەڵک ئەدەم و بەبێ ئابڕوو لەقەڵەمت ئەدەم. ئەوەیشی ووت هەرکەس دوای من بێتە کەپڵت یادەزگیرانت ئەوامن دێم و وێنەکەی دەخەمە بەرچاوی و پێی دەڵێم:کچێک دەخوازی کەماوەیەکی زۆر لەگەڵ منداوە. ؟بۆیە لەڕۆژەوە چاوی لەدوامەو ناشوێرم بەماڵەوە بڵێم چونکە ئەویش وێنەکەمیان نیشان ئەدات و ئەڵێت من چی بکەم خۆی وازناهێنێ، ئەوەش وێنەکەیەتی ئەگەر کەسێک خۆی بەئەخلاق بێت چۆن وێنەئەدات بەکەسی بێئەخلاق.. ؟!ئی خۆئەوانیش هێندە ڕۆشنبیر نین کەیەکسەر بڵێن تۆدرۆ ئەکەی!!چونکە کچی ئێمە شتی واناکات ئێمە متمانەی پێدەکەین!!) بائەوەندە بەسبێت لێرەدا، ئەوەندە بەسەبۆئەوەی منیش شتێک لەوبابەتەباس بکەم چونکە منیش کۆمەڵێک ملاحەزەم هەیە لەو بارەیەوە. ئەوانەی بەناوی خۆشەویستی یەوە دەیان پلارو تانەو تەشەری جۆراو جۆر لە ئافرەتان ئەدەن. هیچ نین جگە لە برسیەکی سێکس و غەریزە جنسیەکان، باناوی خۆشەویستی لێدەرکەن چی لێدەنێن بالێی نێن. چونکە غەدرە ئەو ئاوێنە پاک و بێگەردە خەوش دار بکری. ئەوانەی هەمیشە خەریکی نوکەو میسجی ناشرینن بۆ خەڵکی و بەتایبەتیش کچان، هیچ نین جگە لە بوونەوەرێکی دۆڕاو. ئەگەرنا ئەی بۆچی کاتێک خەڵکانی تر نوکەو میسیج بۆ خوشکەکانیان دەنێرن تەقەبولی ناکەن؟!دەی ئەو کەسەی تۆش نوکەو میسیجی بۆدەنێری خوشکی کەسێکی تری وەکو تۆیە. کچێک بەهاوڕێیەکمی وتبوو کەڕە قەمێک هەمیشە نوکەو میسیجی ناشرینی بۆدناردم، هەتا ووشەی بێڕەوشت و لەوەش ناشرین تری دەنووسی. کەچی ڕۆژێکیان ووتبوی (بەڕاستی من تۆم زۆر خۆشدەوی زیاتر لەهەموو کەس و کارم. !!تۆخوا ئەمە چەندی بەچەن؟!. تۆ وەرە هێندە لایەنە غەریزیەکە بەسەرتدا زاڵبێت بەکەسێک بڵێی خۆشم دەوێی کەدەیان قسەی ناشرینی پێبڵێی و دواتریش بڵێی خۆشم دەوێی زیاترلە.... !خۆزگەی ئەو کەسانەی لەم جۆرە هەڵس و کەوتانەیان ئەنجامدەدا، تۆزی وەئاگای خۆیان دەهاتنەوە. ئاخر بوونی ڕەسم لای جەنابت چ سودێکی هەیە بۆت دوای ئەوەی ئەو کەسە دڵی لای تۆنەماوە؟!بۆهێندە سادیزمانە بیر دەکەیتەوە؟!. ئەی بۆ چاو لەگەنجانە ناکەی کەدوای ئەوەی بەرهەرجۆرێک لەخۆشەویستەکەی جیادەبێتەوە یەکسەر وێنەو دیاری و هەموو شتەکانی تایبەتە بەئەوەوە بۆی دەگەڕێنێتەوە. ئەوەیە هەڵوێستی جوامێرانە. گەر بیرکردنەوەی هەموو گەنجەکانمان وادەبوو ئێستا وڵات بەدیان پێشکەتنی جوانی بەخۆیەوە دەبینی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا. بەڵام لەم لایشەوە بونی ئەم جۆرە گەنجانە وڵات بەرەو داڕووخان دەبەن. جاهیوادارم ئەم دیاردە نێگەتیڤانە لەنێو لاواندا نەمێنی و هەنگاو هەڵهێنین بەرەو ئاسۆیەکی ڕۆشن و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی.

Hastiar2006@yahoo. com